www.kurdistannet.org
8-1-2007 22:35بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کۆیە:لە نێوان بەرداشی دزانی شەو و دزانی ڕۆژ ... علی کۆیی

هەموومان دوێنی هەواڵی شکاندنی قفلی زیاتر لە (15) دوکانمان لە قەیسەری شاری کۆیە بیست وتا رادەیەکیش میدیاکان باسیان لێوەکردو بەرپرسێکی وەك قائمقامی شارەکە بە سەرسوڕمانەوە باسی لە شکاندنی قفلەکان دەکردوو ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانی (کوردەخان) بوو، ئەوەبوو کە دزەکان هیچیان نەبردبوو!!! (بێگومانم جەنابی لە دڵی خۆیەوە دەیگووت: بزانە صنعەتەکەیان چۆن رەزیل کردووە؟؟!!) .
ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردن و لێوورد بوونەوەیە، ئاخۆ ئەم کردارە دزێوەی ئەم شەوە لە کۆیە روویدا دەرەنجامی چی بێت؟؟و نیشانەی چ بی سەرەو بەرێك بێت لەم شارە خنجیلانەی تاکو دوێنی نیشانە و سیمبولی ڕووناکبیری و پاکی بوو؟!
بە وورد بوونەوە لە ڕووداوەکەو بەستنەوەی ئەم هەواڵە بەو هەواڵەی کە باسی لە دەربازکردنی مقاولێلێکی ساختەچی (تورك) دەکات کە لەلایەن پۆلیسەوە وە بە فەرمانی دادگا دەستگیر کرابوو وکەچی قائمقام و سەرۆکی شارەوانی لەدەست پۆلیسیان دەرهێناو رفاندیان و تاکو ئیستاش) پاش مانگێك) کەس نازانێت بۆکوێیان دەربازکرد. بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ڕوودانی کرداری دزی و شێواندنی ئارامی شارەکە کارێکی چاوەڕوانکراوە، وئەگەری رودانی کرداری ترسناکتریش لە ئارادایە، چونکە بەکورتی و بە کوردی هەیبەتی یاساو دادگاو پۆلیس لە کۆیە شکاوەو بەرپرسانی وەك قائمقام و سەرۆکی شارەوانی بەرگری لە دزی و گەندەڵی دەکەن سەرباری ئیشەجوانەکانیان دەست لەکاروباری دادگاو پۆلیسیش وەردەدەن. (بێگومان ئەم کردارە پڕ لە شەرمەزارییەشیان بی بەرامبەر نی یە) .
ئەگەر بە شێوەیەکی بابەتیانە سەیری دوو ڕووداوەکە بکەین و بە ویژدانەوە هەڵسوکەوتی دزەکانی شەو (قفل شکێنەکان) بەراورد بکەین لەگەڵ رەفتاری دزەکانی ڕۆژ (خزمەتکارەکانی مقاولە تورکەکە)، بی دوو دڵی و بە ئاشکرا دەزانین کە دزەکانی ڕۆژ زۆر تاوانبارترن لە دزەکانی شەو، دەزانن بۆ؟؟؟ چونکە دزەکانی شەو دزن و پیاوی خۆیانن، بەڵام دزەکانی ڕۆژ ئەمانیش دزن بەڵام پیاوی خۆیان نین بەڵکو پیاوی (تورکانن) . و هەروەها... نانا... با ئەوەندە بەس بێت، چونکە دزەکانی ڕۆژ باش لێم تێدەگەن مەبەستم چی یە، کورد گۆتەنی: دار هەڵبڕە سەگی حیز لە خۆی دەگات.
2007/1/ 8